# ستیڤن سپیلبێرگ..
# ئیمپراتۆری سینەمای ئەمریکی

ئا/دانا



زۆرینەی خەڵک لانی کەم یەکێک لە فیلمەکانی (ڕزگاربوونی سەربازی ڕایان، باخچەی داینەسوورەکان، ئی تی، تەرمینال، ڕاپۆرتی کەمینە)یان بینیوە، کەم نین ئەوانەی باوەڕ ناکەن کە لە پشتی ئەم فیلمانەوە تەنها کەسێک هەیە ئەویش (ستیڤن سپیلبێرگ)ی دەرهێنەرە، هەر ئەمەشە وایکردووە کە ئەو دەرهێنەرە بە یەکێک لە کەسایەتییە گەورەو کاریگەرەکانی دونیای سینەما بناسرێت.

(ستیڤن سپیلبێرگ) ١٨ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦ لە سینسیناتی- ئۆهایۆی ئەمریکا لەدایکبووەو بە ئەسڵ جوولەکەیە. ئەم دەرهێنەرە وەرگری خەڵاتی ئۆسکارو گرنگترین خەڵاتە سینەماییەکانی جیهانەو فیلمەکانی شایەنی ئەوەن چەند جارێک ببینرێنەوە.

سپیلبێرگ لە سەرەتای شەستەکاندا هاتووەتە ناو دونیای سینەماوە، کە ئەوکات تەمەنی نزیکەی ١٥ساڵان دەبوو، لەو کاتەشەوە لە پشتی کامێرا وەستاوە نەک لە بەردەمی. سەرەتای ڕاستەقینەی کاری دەرهێنانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٥و فیلمی(Jaws)، کە فیلمێکی ترسناکەو باس لە ماسییەکی قرش دەکات، کە بووەتە هۆی تۆقاندنی ئەو کەسانەی بۆ خۆشیو مەلەکردن دەچنە قەراغ دەریایەک، بەڵام ئەو ماسییە قرشە ناهێڵێت کاتێکی خۆش بەسەربەرن، دەیانکوژێتو دەیانخوات. ئەم فیلمە کاندیدبوو بۆ چوار

خەڵاتی ئۆسکارو توانیی سێ دانەیان بەدەستبهێنێ، بەڵام گرنگترینیانی نەبردەوە کە خەڵاتی باشترین فیلم بوو.

دوای سەرکەوتنی لەو فیلمە، سپیلبێرگ ساڵی ١٩٧٧ کاری دەرهێنانی بۆ فیلمێکی دانسقەی تر کرد ئەویش فیلمی (Close Encounters of the third kind) بوو، ئەم فیلمەش کاندیدکرا بۆ هەشت خەڵاتی ئۆسکار، کە تەنها یەک دانەیانی بەدەستهێنا، ئەویش ئۆسکاری باشترین وێنەگرتن بوو. ساڵی ١٩٨١ بەشی یەکەمی فیلمی سەرکێشی (Raiders of the Lost Ark- ئیندیانا جۆنز)ی دەرهێنا، کە چەند ئەکتەرێکی بەناوبانگ ڕۆڵیان تیایدا بینی. ئەم فیلمەش کاندیدکرا بۆ هەشت خەڵاتی ئۆسکارو چوار دانەیانی بەدەستهێنا. ساڵی ١٩٨٢ ساڵێکی مێژوویە لە ژیانی سپیلبێرگدا، چونکە لەو ساڵەدا فیلمی (E.T)ی دەرهێناو سەرکەوتنێکی گەورەی جیهانیی بەدەستهێنا. ئەم فیلمە باس لە زیندەوەری ئەستێرەیەکی تر دەکات، کە لە کەسوکاری دادەبڕێو دێتە سەر زەوی، دواتر کۆمەڵێک منداڵ هاوکاریی دەکەنو دەیگەڕێننەوە بۆ ئەستێرەکەی خۆی. فیلمی (E.T) کاندیدبوو بۆ نۆ خەڵاتی ئۆسکارو چوار خەڵاتی بردەوە.

دوای ئەو هەموو سەرکەوتنو بەدەستهێنانی خەڵاتو جەماوەرە (سپیلبێرگ) هێشتا ڕازی نەبوو و بەردەوامبوو لە کارکردنو سەرکەوتنی زیاتر، ساڵی ١٩٨٤ بەشی دووەمی فیلمی (ئیندیانا جۆنز)ی دەرهێناو جەماوەرێکی زۆر زۆری بۆ لای خۆی ڕاکێشا، بەڵام زۆرێک لە ڕەخنەگرانی بواری سینەما ئەو کارەیان بەدڵ نەبوو و بە شکستی (سپیلبێرگ) یان لە قەڵەم دا. ساڵی ١٩٨٧ فیلمی (Empire of the Sun)ی دەرهێنا، کە باس لە جەنگی دووەمی جیهانی دەکاتو بەسەرهاتەکەی لە چیرۆکی منداڵێکی بەریتانییەوە دەگێڕێتەوە، کە دوای ئەوەی لە دایک و باوکی دادەبڕێ لەلایەن ژاپۆنییەکانەوە لە کەمپێک دەستبەسەر دەکرێ. ئەم فیلمەش کاندیدبوو بۆ شەش خەڵاتی ئۆسکارو بە فیلمێکی (ناوەند) نە باشو نە خراپی سپیلبێرگ دەژمێردرێ. کۆتایی هەشتاکان قۆناغی یەکلاکەرەوەی سپیلبێرگەو تەنها لە ساڵی ١٩٨٩دا توانیی کاری دەرهێنانو بەرهەمهێنان بۆ سێ فیلم بکات، کە ئەمانەن: بەشی سێیەمی فیلمی (Indiana Jones and the Last Crusade)و فیلمی (Back To The Future ٢) و فیلمی (always)، بەمە توانیی دەسەڵاتی تەواو بکێشێ بەسەر بیرکردنەوەی ئەمریکییەکانداو ڕەزامەندیی باشی ڕەخنەگرەکانیشی بەدەستهێنا.

ساڵی ١٩٩٣ سپیلبێرگ فیلمی (Jurassic Park)ی دەرهێنا، بەڵام ئەم فیلمە خێری نەدایەوە بۆیو هەر لەو ساڵەدا فیلمی (schindler's list)ی دەرهێنا کە باس لە جەنگی دووەمی جیهانی و زوڵم و زۆرداریی نازییەکان و کارەساتی هۆلۆکۆست دەکات. ئەم فیلمەیان بوو بە خێرو بەرەکەتو خۆشی بۆ سپیلبێرگو دوای سێ جار کاندیدکرانی بۆ ئۆسکاری باشرین دەرهێنان، ئەم جارەیان خەڵاتەکەی بردەوەو بۆ یەکەمین جار پەیکەری ئۆسکاری گرت بەدەستەوە، لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتەکەدا وتی: (هەرچەندە زۆرێک لە هاوڕێکانم ئەو خەڵاتەیان لەلایە، بەڵام من تا ئێستا دەستم بەر خەڵاتەکەی ئەوانیش نەکەوتووەو ئەمە یەکەمین جارە دەستم بەری دەکەوێت). ئەم فیلمە کاندیدبوو بۆ دوانزە خەڵاتی ئۆسکارو توانیی حەوت خەڵاتیان بەدەستبهێنێ، لەناویاندا جگە لە ئۆسکاری باشترین دەرهێنان و باشترین وێنە کە بەخشران بە سپیلبێرگ، ئۆسکاری باشترین فیلمو باشترین سیناریۆو باشترین وێنەگرتن هەبوون. لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا سپیلبێرگ کۆمپانیای (Dream Works)ی دامەزراند بۆ فیلمە بازرگانییە سەرکەوتووەکان و ئەو کۆمپانیایە چەند فیلمێکی بەرهەمهێنا، لەوانە فیلمی (The Mask of Zorro)و (Men in Black) و (Deep Impact). ساڵی ١٩٩٧ سپیلبێرگ فیلمی (Amistad)ی دەرهێنا، کە ڕووداوەکانی وەرگیراون لە چیرۆکێکی ڕاستەقینەوەو باس لە ڕفاندنی کۆمەڵێک ئەفریقی

دەکات، کە دواتر لە خۆرئاوا دەفرۆشرێنو وەکو بەندە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ. ئەم فیلمە نەیتوانی جەماوەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، سەرەڕای سەرسامیی رەخنەگران پێی.

بەبێ گوێدانە فەشەلو شکست (سپیلبێرگ) بەردەوامبوو لە کارکردنو ساڵی ١٩٩٨ فیلمی (Saving Private Ryan)ی بەرهەمو دەرهێنا، ئەم فیلمە باس لە جەنگی جیهانیی دووەم دەکاتو سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا لەلایەن جەماوەرو ڕەخنەگرانەوەو کاندیدکرا بۆ یانزە خەڵاتی ئۆسکار، لەناویاندا ئۆسکار باشترین فیلم. لەو یانزە خەڵاتە پێنجیانی بردەوە، کە خەڵاتی باشترین دەرهێنان یەکێکیان بوو و بۆ جاری دووەم پەیکەری ئۆسکار بەخشرا بە سپیلبێرگ.

نزیکەی دوو ساڵ (سپیلبێرگ) وەستا لە کاری دەرهێنان، بەڵام بەردەوامبوو لە کاری بەرهەمهێنانو لەو ماوەیەدا کۆمەڵێک فیلمی بەرهەمهێنا، لەوانە (Shrek) کە سەرکەوتنێکی گەورەی جەماوەرو ڕەخنەگرانی بەدەستهێنا.

ساڵی ٢٠٠١ بە فیلمی (A.I. Artificial Intelligence) گەڕایەوە بۆ کاری دەرهێنان، ئەو فیلمەی کە دەبوو دەرهێنەری گەورە (ستانلی کۆبریک) دەریبهێنێ، بەڵام مەرگ مەودای نەداو سپیلبێرگ لەجیاتی ئەو کارەکەی تەواو کرد.

سەرەڕای هاوڕێیەتیی نێوانیان لەگەڵ (تۆم کروز) ی ئەکتەردا، کەچی هیچ کارێکی هاوبەشیان پێکەوە ئەنجام نەدابوو تا ساڵی ٢٠٠٢ لە فیلمی (Minority Report)دا پێکەوە کاریان کرد. ئەم فیلمە لە دەرهێنانو بەرهەمهێنانی (سپیلبێرگ)ەو (تۆم کروز) ڕۆڵی تیادا بینی. هەرچەند کۆمەڵێک ڕەخنەگر ڕەحمیان بەم کارەی نەکرد، بەڵام زۆرێکی تر بە کارێکی سەرکەوتوویان لەقەڵەم داو لەلایەن جەماوەریشەوە پێشوازییەکی باشی لێ کرا. هەمان ساڵ سپیلبێرگ فیلمی (Catch Me If You Can)ی دەرهێنا، لە نواندنی (تۆم هانکسو لیۆناردۆ دی کابریۆ). ئەم فیلمە دووەمین کاری نێوان سپیلبێرگو تۆم هانکس بوو و سێیەمین کاری هاوبەشیشیان فیلمی (The Terminal)ە، کە ساڵی ٢٠٠٤ بەرهەمهاتووەو باس لە کەسێک دەکات لەسەر وەسێتی باوکی و بۆ ئیمزای مۆزیکییەک ڕوو دەکاتە نیۆیۆرک، بەڵام هەر کە دەگاتە ناو فڕۆکەخانەی نیۆیۆرک، لە وڵاتەکەی خۆیان جەنگ و کودەتا ڕوو دەدات، بۆیە ئەو نە دەتوانێ بگەڕێیەوە وڵاتەکەی خۆی و نە دەشتوانێ بچێتە دەرەوەی فڕۆکەخانە، دوای ساڵێک مانەوەی لەناو فڕۆکەخانەداو ئارامبوونەوەی دۆخی وڵاتەکە ئینجا دێتە دەرێ، وەسێتەکەی باوکی جێبەجێ دەکات و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی. ساڵی ٢٠٠٥ فیلمی (Munich)ی دەرهێنا، ئەم فیلمە باس لە ڕووداوێکی ڕاستەقینە دەکات، کە ساڵی ١٩٧٢ لە شاری (میونخ)ی ئەڵمانیا ڕوویداوە، ئەویش ڕووداوی کوشتنی (١١) یاریزانی ئیسرائیلییە، کە بەمەبەستی بەشداریکردن لە ئۆلۆمپیادی ئەو ساڵەدا ڕوویان کردبووە ئەو شارە. ئەم فیلمە تا ڕاددەیەک توندوتیژی و خوێن و تۆڵەکردنەوە زاڵە بەسەریدا، هەر بۆیە زۆرێک لە بینەرانی سپیلبێرگی نیگەران کرد. دواتر جەماوەرو بینەرانی کارەکانی (سپیلبێرگ) فیلمی (War of the Worlds)یان بینی، کە دووەمین کاری هاوبەشی بوو لەگەڵ (تۆم کروز)دا، ساڵی (٢٠٠٦)یش بەشی چوارەمی (ئیندیانا جۆنز) لە سینەماکان نمایشکرا.

سپیلبێرگ تا ئێستا (١١٤) فیلم و کاری تەلەفزیۆنیی بەرهەمهێناوەو (٢٨) فیلمنامەو سیناریۆی تەلەفزیۆنیی هەیە، دەرهێنەری (٥١) فیلم و کاری تەلەفزیۆنییەو لە ٤ فیلمیشدا یاریدەدەری دەرهێنەربووە، (editor)ی بۆ (٧) فیلم و (٢) کاری تەلەفزیۆنی کردووە، وێنەگرتنی سینەمایی بۆ یەک فیلم کردووەو بەشداریی دروستکردنی مۆزیکی یەک فیلمیشی کردووە، جگە لە وەرگرتنی سێ خەڵاتی ئۆسکار، (١٠٩) خەڵاتی گرنگی تری وەرگرتووە.

بۆ مۆزیکی فیلمەکانی (سپیلبێرگ) زیاتر کاری لەگەڵ مۆزیسیاری بەناوبانگ (جۆن ویلیامز)دا

کردووەو ویلیامز بۆ ئەو کارانەی پێنج جار خەڵاتی ئۆسکاری باشترین موزیکی پێ بەخشراوە.

(نۆ) ئەکتەر لە کارەکانی سپیلبێرگدا کاندیدکراون بۆ خەڵاتی ئۆسکاری باشترین ئەکتەر، کە ئەمانەن (لیام نیسۆن، وریف فاینز، ئەنتۆنی هۆبکنز، تۆم هانکس، میلەندا دیلۆن، وبی گولدبێرگ، ئۆپرا وێنفری، مارگرێت ئایفری، کریستۆفەر وۆکن)، هەروەها پێنج فیلمی (ستیڤن سپیلبێرگ) لەناو لیستی باشترین (١٠٠) فیلمی سەدەدان، بەم شێوەیە: فیلمی (schindler's list) لە ڕیزبەندی (٩) دایە، فیلمی (E.T) لە ڕیزبەندی (٢٥)دایە، فیلمی (Jaws) لە ڕیزبەندی (٤٨)دایە، فیلمی (Raiders of the Lost Ark) لە ڕیزبەندی (٦٠)دایەو ڕیزبەندی (٦٤)یش تەرخانە بۆ فیلمی (Close Encounters of the third kind)، فیلمی هیچ دەرهێنەرێک هێندەی ئەم دەرهێنەرە شوێنی داگیرنەکردووە لەو لیستە بەناوبانگەدا، هەر ئەمەشە وایکردووە هەندێک لە ڕەخنەگرانی بواری سینەما بپرسن: (ئەگەر (سپیلبێرگ) نەبوایە، چەند ساڵی تر سینەمای جیهانی دەگەیشت بەم قۆناغەی ئێستا؟!).








